ئەنجومەنی نوێنەران تاوتوێی پرسی فەلەستینی کرد

فەرمانگەی راگەیاندنی پەرلەمان رایگەیاندووە، لە پەرلەمان تاوتوێی پرسی فەڵەستین کرا و سەرۆکیفراکسیۆنەکان جەختیان لە هەڵوێستی نەگۆڕی خۆیان بەرامبەر فەڵەستین کردەوە و ئیدانەی هێرشەکانیسەر غەززە و تاوانە دڕندەکانی رژێمی زایۆنیزمیان کرد.

ئاماژەی بەوەشکردووە، پەرلەمان داوای لە کۆمکاری عەرەبی کردووە کۆبوونەوەیەکی بەپەلە بۆئیدانەکردنی هێرشەکان بۆ سەر غەززە ئەنجام بدات و ڕێڕەوێکی مرۆیی بەپەلە بکرێتەوە.

بازنەی راگەیاندنی پەرلەمان ئاشکراشی کردووە، فراکسیۆنەکانی پەرلەمان جەختیان لە دروستکردنیدەوڵەتی فەڵەستین و پاراستنی مافی فەلەستینییەکان کردەوە.